# ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی:

# کۆمیتەی بەریتانیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە شاری مانچستەر!



بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند چالاکیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمیتەی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ڕۆژانی 13و 14 جەنیوەری 2007 سەردانێکی دوو ڕۆژەی ڕێك خست بۆ شاری مانچستەر کە تیایدا زۆربەی ئەندامانی کۆمیتە وە خەسرەو سایە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب بەشداریان کرد لەم زنجیرە کارانەدا:.

## کۆبوونەوەی دەوری کۆمیتەی بەریتانیا :

بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتە و خەسرەو سایە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب، کۆبونەوەی دەوری کۆمیتەی بەریتانیا لەشاری مانچستەر بەسترا.

سەرەتا کۆبوونەوە بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندنی کارەکانی دەورەی رابردوو لە لایەن لێپرسراوی کۆمیتە پرشنگ ئەحمەد دەستی پێکرد وە لەئەنجامی ئیزافە و هەڵسەنگاندنی ئەندامانی کۆمیتە بۆ کارەکان، کۆبوونەوە بە گشتی کاروباری دوومانگی ڕابردووی بە ئیجابی هەڵسەنگاند و ئەم دەورەیەی وەك سەرەتایەك بۆ پێشرەوەی زیاتر لە مەیدانی کاری کۆمەڵایەتیدا لە بەریتانیا حساب کرد، هەروەها کۆمیتە لەم بارەوە بڕیاری تایبەتی دەرکرد بۆ جێخستنی سوننەتی ڕاپۆرت نوسین و ڕۆشن کردنەوەی ئەرکی لێپرسراو و ئەندامانی کۆمیتە و تەشکیلات .

بە دوای ئەم بەشەدا هاوڕێ خەسرەو سایە باسی بۆچوون و لێکدانەوەی ڕابەری حزبی سەبارەت بە بارودۆخە تازەکانی عێراق و کوردستان، کەبەدوای شکستی ئیستراتیژی بۆش لەعێراق و هاتنەکایەی ڕاپۆرتی بێکەر- هاملتۆن هاتۆتە پێشێ پێشکەش کرد و لەوێدا لەسەر دەورو نەخشی کۆنگرەی ئازادی عێراق وەك تەنها بەدیلێك بۆدەرکێشانی خەڵکی عێراق لە مەئەسات و کوێرەوەریەکانی ئێستا و کۆتایی هێنان بە جەنگ و داگیرکاری و دەست کوتاکردنی ئیسلامی سیاسی لەسەر ژیان و ئەمنیەتی خەڵك و گێرانەوەی ئارامی و مەدەنیەت بۆ کۆمەڵگا، باس کرد. سەبارەت بە کوردستانیش هاوڕێ خەسرەو باسی ڕێگا چارەی بەرپاکردنی خێرای ریفراندۆمێك بۆجیابوونەوەی کوردستان و پێکهینانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەقەومی، نەدینی کرد وەك تەنها ڕیگا چارەیەکی کارساز بۆکۆتایی هێنان بەباری هەڵواسراوی کوردستان و ئەو ئاکامە زیانبارانەی کەبەهۆی سیاسەتی

خۆگرێدانەوەی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان بەئەمریکاو سیاسەتەکانیانەوە یەخەی بەخەڵکی کوردستان گرتوە .

سەرجەم کۆبوونەوەکە گرنگیەکی تایبەتی دا بە مەیدانەکانی کاری رێکخستنی تەشکیلات و کۆکردنەوەی ئابوونە دا ن و دامەزراندنی فەوری خانەی حیزب، وە لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا کار لەگەڵ کۆنگرەی ئازادی عێراق و لە دژی داگیرکاری، کار لە سەر ئەوزاعی کوردستان لەراستای بەرگری کردن لە خواستی ریفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بەرگری کردن لە مافی پەنابەران و پشتیوانی لە کەمپینەکانی فدراسیۆنی پەنابەران. لەئەنجامی ووتووێژێکی هەمەلایەنەوە بەبەشداری تەواوی ئەندامان لەسەر ئەم مەیدانانە سەرەنجام توانرا سەرخەتی نەخشەکارێکی فراوان بۆ تەشکیلاتی بەریتانیا دابنرێ لە راستای بردنە پێشەوەی ئەولەویاتی کاری رێکخراوی بەریتانیا لە سێ مانگی داهاتوودا .

گۆشەیەکی تری باسەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتە تایبەت بوو بەوەزعیەتی پەنابەرانی کوردستان لە بەریتانیا و چۆنیەتی ڕاوەستانەوەی تەشکیلاتی حزب لەبەرامبەر سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران و ڕاوەستان لەریزی پێشەوەی خواستەکانیاندا..

دوابەشی کۆبوونەوەی کۆمیتە بریتی بوو لە پەسەند کردنی چەند بریاری گرنگ بۆ بردنە پێشی نەخشەکاری کۆمیتە و توند وتۆڵ ڕاگرتنی پەیوەندیەکانی بە تەشکیلاتەوە کە لەوانە : پەسەند کردنی سەنەدی کاری رێکخستن و ئابوونە ، بریاری تەنزیم کردنی شێوەی بلاوکردنەوەی ئیمەیل بۆ تەشکیلات و دەرەوەی ، وە چەند بریاری تر لەسەر شێوەی ئەندام وەرگرتن لە رێکخراوی بەریتانیا و راپۆرت نوسین و.... هتد

بەم شێوەیە کۆمیتەی بەریتانیا کۆتایی بە کۆبوونەوەی دەوری خۆی هێنا و کۆبوونەوەی داهاتووی لە مانگی 3 ی 2007 سازدەکات .

## بەشداری کۆمیتە لە ئێوارەیەکی سیاسی و رۆشنبیری فدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی :




ئێوارەی رۆژی 1\13 کۆمیتەی بەریتانیا بەشداری لەئێوارەیەکی ڕۆشنبیری سیاسیدا کرد کەلەلایەن فیدراسۆنی پەنابەرانی عیراقیەوە بانگەوازی بۆکرابوو لە شاری مانچەستەر. بەرنامەکانی ئەم ئێوارە کۆڕە تایبەتکرابوو بۆ قسەوباسی خەسرەو سایە لەسەر وەزعی عێراق و کوردستان لە دوای گۆرینی سیاسەتی ئەمەریکاو راپۆرتی بێکەر – هاملتۆن، وە قسەو باسی دەشتی جەمال – لێپرسراوی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەران و بورهان فەتاح – لێپرسراوی فدراسیۆن لە شاری مانچستەر سەبارەت بە سیاسەتی تازەی دەوڵەتی بەریتانیا لەبەرامبەر پەنابەرانی عێراقی و چۆنیەتی ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەسیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران. لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەی بەریتانیا وێرای ئیدانەکردنی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران و دەربرینی پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ خواستی پەنابەران،

ڕایگەیاند کە بەوپەری تواناوە هاوشان لەگەڵ فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی تێدەکۆشێت بۆ ڕاگرتنی ئەم سیاسەتەو بەقبوڵکێشانی داوای مافی پەنابەران لەوڵاتی بەریتانیا. شایانی باسە لەم ئێوارە ڕۆشنبیری‌یەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مانچستەرو دەوروبەری بەشداریان کرد...

## کۆبوونەوەی کۆمیتە لەگەڵ ئەندامانی حیزب :

ڕۆژی 2007/1/14 بەمەبەستی گەیاندنی نەخشەو بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەریتانیا بەئەندامانی حیزب و بەدەستهێنانی هاوفکری و دەخالەتی ئەندامان لەکاروباری حزبدا، کۆمیتە کۆبوونەیەکی سازدا لەگەڵ ئەندامانی حیزب کە لە شارەکانی مانچستەر، هاڵ ، دون کاستەر، نۆتینگهام، ئۆڵدهام و چەند شارێکی ترەوە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. خەسرەو سایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەشداری ئەم کۆبوونەوەیەی کرد بە قسەوباسێك سەبارەت بە جیێگاورێگای ڕێکخراوی بەریتانیا و ئەهمیەتی چالاکی و کاری حیزب لەم وولاتە. بە دوای ئەمەدا لە لایەن هەیئەتێك لە کۆمیتەوە کە پێك هاتبوو لە پرشنگ ئەحمەد، سازان سالح، نوری بەشیر، بورهان فەتاح و سورمەحەمید قسەو باس کرا لەسەر سیاسەتەکانی حیزب و ڕێگا چارەکانی بۆ ئەوزاعی کوردستان و عێراق و ئەولەویاتی ڕێکخراوی بەریتانیا لە چوارچێوەی ڕێکخراوی دەرەوەی وولاتی حیزبدا بۆ بردنە پێشی ئەم سیاسەتانە و نەخشەکاری کۆمیتەی بەریتانیا لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا بۆ هەموو تەشکیلات . دوابەشی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە مینبەری ئازاد بۆبەشداری ئەندامان بە پرسیار و قسەوباسیان سەبارەت بە کاری حیزبیان لە شارەکان و ڕێگریەکانیان لە ڕاستای بردنە پێشی نەخشەکاری حیزب لە بەریتانیا ، زۆریەك لەهاوڕیان باری سەرنج و بۆچوونی خۆیان خستەروو وەهەروەها چەندین پێشنیاری بەسودیان خستەبەردەم کۆمیتەی بەریتانیا تا لەخەباتی داهاتوودا و لە ڕاستای بەهێزکردنی حزب و دەخالەتکردنی زیاتر لەژیان و چارەنوسی ئینسانەکاندا لەبەرچاویانبگرێ. شایانی باسە لەم کۆبوونەوەیەدا دووکەس لە دوستانی ئامادەبوو ئەندامێتی خۆیان بۆ حیزب ڕاگەیاند.

**ڕێکخراوی بەریتانیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

**2007/1/15**

سایتی حزب : www.wpiraq.net

---

**پەیوەندی بەکۆمیتەوە:** پرشنگ ئەحمەد/ لێپرسراوی کۆمیتە

**Mob: 07894252708    Email: wcpiuk@yahoo.co.uk**

## بەشێك لەوێنەكانی ڕاگەیاندنی كۆبوونەوەی:

## كۆمیتەی بەریتانیای حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق لە شاری مانچستەر!

### ڕۆژەكانی 13 و 14ی جەنیوەری 2007



